گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper24
ڕێــکەوتــی وەرگــرتـن: ٢٠٢٢/١٠/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٣
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی یانزدەهەمی ئامادەیی لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لەدیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە

**ایوب خسرو نادر[1] - هەڵەت ڕەشید عبدالله[2] - اسو سلام مجید[3]**

asosalam348@gmail.com hallat.rasheed@charmounversity.org ayubkhasro@gmail.com

[1]ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[3]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ئامادەکردنی پێوەرێکی هەڵسەنگاندن بۆ کتێبی جوگرافیای سروشتی قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا، هەروەها زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی (یانزدەهەم)ی ئامادەیی بەشی وێژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ). هەروەها زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە کتێبەکانی جوگرافیای پۆلی (یانزدەهەم)ی ئامادەیی بەشی وێژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکە لە (70) مامۆستا و سەرپەرشتیاری پسپۆڕی جوگرافیا لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لە هەر سێ پەروەردەی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوای سلێمانی، پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) پێکهاتوە. بەشداربوانیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە (86) بڕگە پێکهاتوە، بەسەر (7) بواردا دابەشکراوە، ئەویش بە سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوتر. توێژەر دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستیی و جێگیریی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پیرسۆن بە ڕێژەی

(0.815)، پاشـان توێژەر بەسـەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێیکردوە، دوای شـیکردنەوە و خسـتنەڕوی ڕاپرسیەکە بە بەکارهێنانی (هاوکێشەی پیرسۆن، ناوەندی شیاو، تاقیکردنەوەی (T.test)، لەپاش دڵنیابون لە ڕاسـتی، توێژەر پڕۆگرامی ئاماریی (spss)ی بەکارهێناوە. لە کۆتاییدا توێژەر گەیشـت بەو ئامانجانەی کە هەر (7) بوارەکەی کتێبی جوگرافیای سـروشـتی پۆلی (یانزدەهەم)، کە بریتین لە: (ئامانج، هونەری، چالاکی، هەڵسـەنگاندن، هۆیەکانی فێرکردن، زمان و بابەت، ناوەڕۆک) پلەی لاوازیان پێدراوە و پەسەندنەکراون لەلایەن بەشداربوانی ڕاپرسییەکەوە.

**وشە کلیلەکان:** هەڵسەنگاندن، کتێبی خوێندن، پێوەر، کواڵێتی گشتگیر.

## بەشی یەکەم:ناساندنی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

پڕۆسـەی پەروەردە و فێرکردن پڕۆسـەیەکی فرەڕەهەند و ئاڵۆزە، هەر ڕەهەندەی پێویسـتی بە توێژینەوەی تایبەتە، بۆ لێتێگەیشتن و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی پێشهات و دەستکەوت و ئەنجامەکانی، بە مەبەسـتی برەودان و ڕزگارکردنی لە چەقبەسـتویی، پێوانە و هەڵسـەنگاندنی پەروەردەش یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە پەیوەندی پتەوی دانەبڕاوی بە کرداری پەروەردەوە هەیە، زیاتر لەوەش بە بنەمایەکی سـەرەکی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت. بە جۆرێک پێشکەوتنی بوارەکە پەیوەندی بە ئاستی بەرەوپێشـچونی ئەم بابەتەوە هەیە، ناکرێت هەنگاوی چاکسـازیی بنرێت بەبێ ئەنجامدانی هەڵسـەنگاندن (رسول،2017: 19). هەڵسەنگاندن پڕۆسەیەکی پێویستە، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی ئەنجامبدرێت، بەڵکو پێوەر و بنەمای خۆی هەیە. هەڵسـەنگاندن بە بەکارهێنانی پێوەرەکان یەکێکە لە پێویسـتی و گرنگی ئەم سـەردەمە، هەروەها ئەم سـەردەمە دەتوانرێت پێی بوترێت سـەردەمی پێوەرەکان، کە لە کەرتی پەروەردە وەک یەکێک لە بنەما نوێیەکان دەرکەوتوە و خۆی سـەپاندوە (الحربی،2013: 2). لە سـەرەتای ئەم سـەدەیەی ئێستادا جیهان گۆڕانکاری گەورەی لە بواری زانستدا بەخۆیەوە بینی، بوە هۆی گۆڕانکاری لە بەها و چەمکەکانیشدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێشخستنی پڕۆگرامەکان نیشانەیە بۆ ئەم سەردەمە، لە پێناو گەیشـتن بەم پێشـکەوتنە خێرایە، پڕۆگرامەکانی جوگرافیا بەرپرسـیارێتی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی فێرخوازی لەخۆگرتوە، بۆئەوەی ببێتە کەسـێکی بەرهەمدار (السـباعی وعسـی و هشیمە،2021: 546).

بەهێزیی سـیسـتەمی فێرکردنی هەر وڵاتێک پشـت بە پڕۆگرامە فەرمییەکان دەبەسـتێت، کە خۆی لە ئامرازە سـەرەکییەکانی فێرکردندا دەبینێتەوە، هەروەها پڕۆگرامی خوێندنگاکان کە وێنەی فەرمییە لە وەزارەت و دامەزراوە تایبەتییەکان بە پڕۆگرامی هەر وڵاتێک دادەنرێت، کە ڕێنمایی بۆ خوێندنگە و

مامۆستا لەخۆدەگرێت لەبارەی جۆری فێركردنەوە، هەربۆیە كتێبەكانی خوێندنگە ڕەنگدانەوەی پڕۆگرامە فەرمییەكانن (مقابلە، 2018: 3).

جوگرافیا بە گرنگترین زانست دادەنرێت، ئەوەش كەوا بایەخی ئەم زانستەی زیادكردوە، ئەوەیە كە جوگرافیا پشت بە زانستەكانیتر دەبەستێت، وەک دەروازەیەک بۆ لێكۆڵینەوە، لە سەروشیانەوە زانستەكانی جیۆلۆجیا، ئابوری، دانیشتوان، سیاسەت، كۆمەڵناسی، ئامار. ئەمەش وای لە جوگرافیا كردوە ببێتە زانستێكی گشتگیر و تەواوكەر، ڕادەی بونی پێویستیی بە زانستە جۆراوجۆرەكان و گرنگیدان بۆ ئەم زانستە ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێت، ئەمەش وای كردوە، كە بایەخی زیاتر بەم زانستە بدرێت، بەتایبەت لە وڵاتە پێشكەتوەكاندا (الرب،2015: 5). هەروەها پڕۆگرام وەک بنەما و ڕەگەزی سەرەكی پڕۆسەی پەروەردە و فێركردن گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە هەمو ناوەند و ئاستێكی فێركاریدا زۆرترین گفتوگۆ و قسەی لەسەر دەكرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی پڕۆگرام بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی دید و فەلسەفە و كلتور و خواست و پێداویستییەكانی ئەو كۆمەڵگەیەیە، كە بڕیاریانداوە و ڕازیبون بەوەی نەوەكان لەسەر ئەو چەشنە بیر و بەها و مەعریفەیە پەروەردە بكرێن.ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانج و خواست و ئاواتانەی كە لەنێو پڕۆگرامدا پلانی بۆ داڕێژراوە، تاكو لە دواڕۆژدا بەدیبێت، هەربۆیە دواجار پڕۆگرام دەبێتە ئامراز و وێستگەیەک كە لە ڕێگەیەوە دەوڵەت سیاسەتەكانی خۆی لە بوارەكانی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابوری بەدیدەهێنێت و جێبەجێیاندەكات (عزیز،2019: 5).

## 1-1كێشەی توێژینەوەكە:

بەهێزیی سیستەمی فێركاری لە هەر وڵاتێكدا پشت بە پڕۆگرامی سەرەكی دەبەستێت، كە وەک ئامرازی فەرمیی دەردەكەوێت بۆ جێبەجێكردنی بەرنامە فێركارییەكانی، بە بەڵگەنامەیەكی دانپێندراوی وەزارەتی پەروەردە، یاخود دەزگای پەیوەندیدار لە هەر وڵاتێكدا سەیردەكرێت (مقابلە،2018: 3).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، پێشكەوتن بە شێوەیەكە هەمو بوارەكانی ژیانی گرتۆتەوە بەتایبەت لە بواری پەروەردە و فێركردندا، ئەم پێشكەوتنە كە زۆربەی مرۆڤەكان تێیدا بەشدارن، بۆئەوەی لە ئەنجامی گۆڕانكارییەوە بە ئامانجەكانیان بگەن، بۆ خۆیان و نەوەكانیان. لە هەرێمی كوردستانیشدا هەنگاوی نوێ بۆ بەرەوپێشچونی كەرتی پەروەردە نراوە، تاكو بتوانرێت پێداویستیی داواكاریی هاووڵاتیان بەدیبهێنرێت، دواتریش وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان–عێراق، لە هەوڵی ئەوەدایە كە گۆڕانكاری بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەدا بكات، تاكو پڕۆسەی پەروەردە لە سەرجەم ڕوەكانەوە لە ئاستی گۆڕانەكاندا بێت، كە لە كوردستان و عێراق و جیهاندا ڕویانداوە، بۆ ئەم مەبەستەش كۆنگرەی پەروەردەیی لە (مایسی، 2007)، گرێدا و كۆمەڵێک گۆڕانكاری لە سیستەمی

پەروەردەی کوردســـــتاندا ئەنجامدا، لە ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەدا ئاماژەکراوە بەوەی کە پرۆگرامەکان بەشێوەیەکی گشتی کەموکورتییان تێدایە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خراپ بن، بەڵکو پێویستە کارییان بۆ بکرێت، بێگومان بەشـــــی پرۆگرام لە وەزارەت بە بەردەوامیی لە کاردا بو بۆ گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا (ڕاپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەیی، 2007: 19-22).

لە ماددەی (88) لە خاڵی چوارەم؛ ئەرکی ئەنجومەنی وەزارەتە بەلایەنی کەمەوە هەر چوار ســــاڵێک لەســـــەر پێشـــــنیاری لیژنەی پســــپۆڕ لە (بەڕێوبەرایەتی گشـــــتی پرۆگرامەکانی خوێندن) بە مەبەســـــتی هەڵســـــەنگاندن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن پێداچونەوە بۆ پرۆگرامەکان بکات (پڕۆژە یاســـــای پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردســــتان – عێراق، 8-12- 2021: 58). هاوکات پەرەپێدانی ڕۆشـنبیرییەکی پەروەردەیی دامەزراوەیی کە باوەڕی بە کواڵێتی و نایابی هەیە، بایەخدان بە گەشـەپێدانی پەروەردە و ڕوانین لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا (علی،2005: 126). بە مانا سەردەمییەکەی (منهج) سەراپای ئەو زانیاریی و ڕاســــتیی و چەمک و بیرۆکانە دەگرێتەوە، کە فێرخواز لە شــــێوەی بابەتی خوێندن وەریاندەگرێت، منهج بە بڕیار لەسەردراوەکانی خوێندنیش ناودەبرێت (ئەمین،2012: 44).

لەبەر ڕۆشـنایی ئەوانەی کە باسـکران هەڵسـەنگاندنی کتێبی جوگرافیا کارێکی پێویسـتە، چونکە کتێبی خوێندنگا هۆکارێکی گرنگی فێرکردنە، ئەم هۆکارەش دەبێت گرنگی تەواو بە لایەنی زانســــتیی بدات، واتە دەبێت بۆ خوێندکار و مامۆســـتا شـــیاو و گونجاو بێت، لەبەرئەوەی هەڵســـەنگاندنیش کە بەپێی پێوەر و کواڵێتی گشـتگیر بێت، ئاشـنامان دەکات بە باشـیی و بەرەوپێشـچونی، لەم سـەردەمەی ئێسـتادا، کە تێیدا دەژین سـەردەمی تەکنۆلۆجیا و گۆڕانی خێرایە. پێویسـتمان بە هەڵسـەنگاندنی پرۆگرامەکان بەشـێوەیەکی گشتی و کتێبەکانی جوگرافیا بەتایبەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیی زۆرمان بە توێژینەوەی جۆراوجۆر بۆ بابەتەکانی جوگرافیا، کە لەگەڵ ئاســـت و توانای خوێندکاردا گونجاو بێت هەیە. هەڵبژاردنی کتێبی جوگرافیای ســـروشـــتی پۆلی (یانزدەهەم)ی قۆناغی ئامادەیی لەوەوە ســـەرچاوەی گرتوە، کە ئەم کتێبە ســـەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە تیایدا کراوە، تا ئێســـتا بەپێی پێوەرەکانی جۆری کواڵێتی گشـــتگیر هەڵســـەنگاندنی بۆ نەکراوە، بەپێی زانیاریی توێژەران لە هەرێمی کوردســـتان– عێراق، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی **هەڵسەنگاندنی** کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی یانزدەهەمی ئامادەیی کراوە. بۆ پیشـاندانی وێنەیەکی ڕون بۆ خاڵە بەهێز و خاڵە لاوازەکانی ئەم کتێبە، لەگەڵ پێدانی ڕاسـپاردە و پێشـنیار بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە و ئەوانەی لە پرۆســـەی پەروەردە و پرۆگرام و فێرکردن کاریگەرییان هەیە.

## 2-1 گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگیدان بەپرۆگرامی خوێندن زۆر زیادیکرد لەماوەی ڕابردودا، ئەمەش دوای پەرەپێدانی زانسـتی و تەکنۆلۆجی لەلایەکەوە، و دوای ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک لەبواری پەروەردەدا و دەرونزانی لەلایەکی ترەوە و ئەم پەرەپێدانە کتوپڕ و لەناکاو نەبو یاخود لەکاتێکی کورتدا، بەڵکو کاتێکی زۆرو تاڕادەیەک پێویسـت بوە کە لەو ماوەیەدا چاکردنەکان ڕویانداوەو پێشـنیارەکان بۆ پەرەپێدان و ڕاستکردنەوە و باشکردن پێشکەشکران (سعادە و ابراهیم،2014: 27).

گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لێرەدا بە چەند خاڵێک دەخەینەڕو:-

1- ئەم توێژینەوەیە بەپێی پێوەرەکان؛ کوالێتی گشـتگیر بۆ کتێبی جوگرافیا ئاشـکرا دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕوی خاڵە لاواز و بەهێزەکانییەوە، هەروەها پێشنیازیش بۆ چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان دەکات.

2- وەک سەرچاوەی زانستیی لە کتێبخانەکاندا سودی لێوەردەگیرێت.

3- نەبونی توێژینەوەی لەم جۆرە لە هەرێمی کوردسـتان بۆ کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی ئەوەندەی کە توێژەر ئاگاداربێت.

4- بەشداریدەکات لە بەرەوپێشبردنی کتێبە جوگرافییەکان لە قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

5-یارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات لە دانانی کتێبی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی بۆ پۆلەکانی دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم، لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە:

1- ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسـەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سـروشـتی پۆلی یانزدەهەمی قۆناغی ئامادەیی.

2- زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشـتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی یانزدەهەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ).

3-زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشـتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی یانزدەهەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

## 4-1 سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە ئەم لایانانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- سنوری بابەتی: پێکدێت لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی جوگرافیای سروشتی پۆلی (یانزدەهەم)ی قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

ب- سنوری شوێن: خوێندنگە ئامادەییەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی پارێزگای سلێمانی و بەڕێوبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ.

ج- سنوری مرۆیی: ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی جوگرافیا دەڵێنەوە لە هەردو ڕەگەزی (نێرو مێ)، لە پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم)ی وێژەیی، لەگەڵ سەرپەرشتیارانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی.

د- سنوری کات: ساڵی خوێندنی (2021 - 2022)ی زایینییە.

## 5-1 پێناسەی زاراوەکان:

### 1-5-1 هەڵسەنگاندن:

پێناسەی (الکبیسی،2007) " پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردەیەک، بۆ پۆلێنکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ ئەوەی بزانین کە ئامانجەکانی پەروەردە بەدەست دەهێنرێن، بەمەبەستی بڕیاردان و گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو (الکبیسی،2007: 40).

پێناسەی (عزیز،2014) "بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و بەکارهێنانی بۆ بڕیاردانێکی تایبەت کە پەیوەندی بە بەرنامە و بواری پەروەردەییەوە هەبێت(عزیز،2014: 13).

**پێناسەی ڕێکاری هەڵسەنگاندن:**

کردارێکە لە ڕێگەیەوە بڕیاردەدرێت، ئەمەش بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی (یانزدەهەم)ی قۆناغی ئامادەیی، کە بڕیاری خوێندنی لێدراوە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان، پاش هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیان، تا چەند ئامانجەکانی بەدەستهێناوە، هەروەها دیاریکردنی خاڵە بەهێز و و لاوازەکان، لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا، لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕەوە.

### 2-5-1کتێبی خوێندن:

پێناسەی (الرضا و الموسوی،2014) "بریتییە لەکتێبێکی ڕێکخراو و دیاریکراوی خوێندن بەمەبەستی سود لێوەرگرتنی لەقۆناغێکی دیاریکراوی خوێندندا وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی سودی لێوەردەگرێت. (الرضا والموسوی، 2014: 8).

پێناسەی (الشنوانی،2018) "ئەو کتێبەیە کە بابەتی هەڵبژێراو پیشان دەدات، کە بابەتێکی دیاریکراوی لەخۆگرتوە بەڕێگەیەکی ڕێکخراو و لەچەند دەقێکی نوسراودا داڕێژراوە بەشێوەیەک کە خودی خۆی لەپرۆسەی فێرکردن و فێربوندا ئەنجام بدات بەدەستەوە. (الشنوانی،2018: 37).

پێناسەی ڕێکاری کتێبی خوێندن:

بریتییە لە ئامرازیکی سەرەکی پرۆسەی خوێندن کە یارمەتی خوێندکارو مامۆستا دەدات کە بۆ هەر بابەتێک کتێبێکی تایبەتی بۆ دانراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو بەشی پرۆگرامەکان لەهەر وڵاتێکدا.

## 3-5-1 پێوەر:

پێناسەی (اللقاني و الجمل،2003)" بریتییە لەچەندین ڕەهەندی دەرونی و کۆمەڵایەتی و زانستی و پەروەردەیی، لەڕێگەی بەکارهێنانیانەوە دەتوانرێت وێنەی ڕاستەقینەی یەک بابەت بناسرێت و بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنت بۆ بکرێت، یان بگەیتە حکومەکان سەبارەت بەشتەی کە ئەنجامی دەدەیت(اللقاني و الجمل،2003: 279).

پێناسەی (الیعقوبی،2013) "لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامدا ئەو پێوەرانەن، کە بە هۆیانەوە بڕیار لەسەر شتەکان دەدەین (الیعقوبی،2013: 78).

پێناسەی ڕێکاری پێوەر:

بریتییە لەو پێوەرانەی کە دەتوانین بە هۆیانەوە بڕیار لەسەر شتەکان بە باشی یان خراپی بدەین، پێوەر بۆ زۆر بوار بەکاردێت لە بواری پەروەردەشدا بە گشتی بەکاردێت بە تایبەتش بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

## 4-5-1 کوالێتی گشتگیر:

پێناسەی (التائب،2016) "بریتییە لەکۆمەڵێ پرۆسە و چالاکی کە بەشدارن لەکوالیتی فێرکاری بۆ باشترکردن و پەرەپێدان و توێژینەوەی بەردەوام بە بەکارهێنانی باشترین ڕێگاکان (التائب،2016: 4)

پێناسەی (مسلم،2018) "ڕێگا یا ئامرازێکی گشتگیرە بۆ کارکردن، کەوا دەکات لە چوارچێوەی یەک دەستەدا کاربکەن، کاردەکاتە سەر پەیداکردنی بەهایەکی زیادکراو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان (مسلم،2018: 8).

پێناسەی ڕێکاری کوالێتی گشتگیر: بریتییە لە پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ باشترکردنی شتەکان، کە لە کەرتی پەروەردە بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەت لە پرۆگرامی خوێندندا، کە کوالێتی گشتگیر بگرێتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و سەرکەوتن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### 1-2 چەمکی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:

چەمکی هەڵسەنگاندن؛ واتای هەڵسەنگاندن لەڕوی زمانەوانییەوە (پێدانی نرخە بە شتێک "ئەوترێت شتەکانی هەڵســـــەنگاند، واتە نرخی بۆ دانا، هەڵســـــەنگاندنی شـــتێک بریتییە لە ڕێککردنەوە و چاککردنی کەموکورییەکانی).

هەڵسەنگاندن کردارێکی پێویستە بۆ هەمو بوارەکانی ژیان شتێکی پێویستە لە کرداری فێربوندا لەناوەوە و دەرەوەی پۆلیشدا، لەو چوارچێوەیەشدا بۆ پرۆگرمی خوێندنیش. هەڵسەنگاندن کرداری دەرکردنی بڕیارە لەســــەر گونجاویی پرۆگرامی خوێندن لە ڕێگەی کۆکردنەوە و ڕونکردنەوەی تایبەتەوە بۆ بڕیاردان لەسەری و شیکردنەوە و خستنەڕوی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە بابەتییەکان، کە یارمەتیدەدات بۆ گرتنەبەری بڕیاری گونجاو سەبارەت بە پرۆگرامەکە (القیسی، 2018: 141).

چەمکی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی: هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی کردارێکی ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی زانیارییەکان، بە ئامانجی دیاریکردنی نمرەی بەدەســـتهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، هاوکات بڕیاری پێویســـتی لەبارەوە بدرێت، بە نمونە کاتێک دەگوترێت بینای ئەم خوێندنگایە گونجاو نییە بۆ خوێندن، ئەمە واتا کرداری هەڵســـەنگاندن بۆ بینای خوێندنگاکە تەواو بوە (بابەتی هەڵســـەگاندن)، و ئەنجامی کردارەکە ئەوەیە، کە بیناکە گونجاو نییە بۆ پەروەردە کە لەســـەری ڕێکەوتون (الهادی، 2001: 454).

### 2-2 کتێبی خوێندنگە:

کتێبی خوێندنگە، گرنگییەکی زۆری لە کرداری فێربوندا هەیە، وادادەنرێت کە یەکێک لە پایە سـەرەکی و گرنگەکانە کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان هەیە، کە مامۆستا پێویستی بەم کتێبەیە، چونکە بە بناغەیەکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ پرۆگرامێکی گشـتگیر و دروسـتی دەکات، سـتونی گەیاندنە لەنێوان پرۆگرامە فێرکارییەکە و فێرخوازەکەدا، هەروەها کتێبی خوێندنگە سەرچاوەی سەرکییە، کە فێرخواز زیاتر لە هەمو سـەرچاوەکانی تر زانیارییەکانی لێوەردەگرێ. سـەرەڕای ئەوەی کە پرۆگرامی خوێندن ئەو بنچینە سەرەکییەیە، کە مامۆستا لەئامادەکردنی وانەکەیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو پۆلدا پشتی پێدەبەستێت (الشلبی، 2000: 225).

کتێبی خوێندنگە، بریتییە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی پرۆسـەی فێربون و فێرکردن، چونکە تاکە پێکهاتەیە، کە گوزارشت لە ناوەڕۆک و ئامانجە پەروەردەیی و کۆمەڵاتییەکان دەکات. (رسول، 1978: 5).

## 1-3-2 تایبەتمەندییەکانی کتێبی خوێندنگە:

1- دەبێت ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنگە لەگەڵ تازەگەریی و هەمو زانستە نوێکاندا گونجاو بێت.

2- دەبێت بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ توانای فێرخوازدا لەڕوی تێگەیشتن و ئەو زانیاریی و چەمکانەوە، کە کتێبەکە دەیگرێتەخۆی گونجاو بێت.

3- ڕەچاوی ڕونیی و جۆراوجۆریی لەناوەڕۆکەکەیدا بکات.

4- ڕەچاوی گونجان و پلە بەدوایەکداهاتن بکات لە یەک بابەتدا، هەروەها تەواکاریی لەگەڵ بابەتەکانی تردا.

5- گرنگیدان بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەک، کە هەڵسەنگاندن ببێتە کردارێکی دیاریکراوی چارەسەرکردن (علميات، 2006: 35).

6- کتێبی خوێندنگە لەگەڵ بەشەوانە دیاریکراوەکانیدا، لە وەرز و ساڵی خوێندندا گونجاو بێت.

7- ڕەچاوکردنی مەرجەکانی کتێبی باش لەڕوی شێوە و چاپ و جۆری لاپەڕە و قەبارەی نوسین و بەرگ و گونجاویی لەنێوان دێڕەکاندا.

8- ڕەچاوکردنی تازەگەریی و زانستیی لە شێوازی خستنەڕوییدا.

9- پەیوەستبونی کتێبی خوێندنگە بە پڕۆگرام و هێڵە سەرەکییەکانیەوە(حمادنه و عبيدات، 2012: 216).

10- کتێبی خوێندن بناغە و پایەی سەرەکییە، کە پڕۆگرامەکەی تێدا چڕبوەتەوە، چونکە زانیاریی مەبەستدار دەگرێتەخۆی، هەروەها ئامانجی سەرەکیی پڕۆگرام زیادکردنی زانیارییە جۆراوجۆرەکانە.

11- جیاکردنەوەی نێوان بابەتەکانی خوێندن، کە کتێبەکە دەیگرێتەخۆی بەشێوەیەک هەمو بابەتێک بە سەربەخۆیی بخوێنرێت (حمادات، 2009: 180).

## 2-3-2 پێوەرەکانی بڕیاردان لەسەر کواڵێتی کتێبی خوێندنگە:

1- ڕونکردنەوەی پێویست لەنێوان ناوەڕۆک و ئامانجەکانی بابەتەکە.

2- باوەڕی بە ڕوداوە زانستییەکان بێت، لە پێوەری بەرەوپێشبردنی کتێبەکەدا.

3- ڕەچاوی ئاستی زمانەوانیی خوێندکار بکات.

4- ڕەچاوکردنی وردیی و پاراستنی زانستێتی، لە ئامادەکردنی بابەتەکەیدا.

5- بابەتەکانی پڕۆگرام لەگەڵ ئاستی گەشەی خوێندکاردا گونجاوبێت.

6- خستنەڕوی بابەتەکە بەشێوەیەک گەشە بە بیری خوێندکارەکە بکات و لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا توانای بۆ دروست بکات.

7- پێشەکیەکی ڕون بگرێتەخۆی لەگەڵ لیستی بابەتەکان و لیستی زاراوە کەم بەکارهاتو و مێژوییەکان.

8- تێدابونی بڕگە و سەرچاوە سەرەکییەکان (عمار، 2006: 48).

## 4-2:سودەکانی جێبەجێکردنی کوالێتی گشتگیر:

کوالێتی گشـــتگیر ســـودی زۆر و جۆراوجۆری هەیە، ئەنجامەکانی لە ڕوانگەی ئەو دامەزراوەیەوە دەردەکەوێت، کە جێبەجێیدەکەن، بەڵام ئەوەی کە بە لای ئێمەوە گرنگ بێت، ئەوەیە کە ســـودەکانی هەڵبسەنگێنین لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، کە ئەویش خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1- باشکردنی کرداری پەروەردە و فێرکردن و سەرکەوتنەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام.

2- پەرەپێدانی توانای بەڕێوبەرەکان، بۆ سەرکردایەتیکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکان.

3- پەرەپێدانی توانا و زانیاریی و ئاڕاســـتەکردنی ئەو کەســـانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کاردەکەن.

4- سوربون لەسەر پەرەپێدانی کردارەکان زیاتربێت لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی.

5- کاری بەردەوام لە پێناو باشـــکردنی ئامانجەکانی کوالێتی، ببێتە هۆی دورکەوتنەوە لە وازهێنان لە خوێندنگە.

6- بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سودمەندبوان ئەوانیش (خوێندنگا، کەسوکاریان، مامۆستا، کۆمەڵگە).

7- بەکارهێنانی باشترین ئەو کەرەستە ماددیی و مرۆیییانەی کە لەبەردەستە.

8- پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشـــێوەیەکی تەواو، کە پێداویســـتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان پڕبکاتەوە.

9- کەمکردنەوەی تێچون، لەگەڵ بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

10- بەدەســـتهێنانی ئامراز و پێوەر و پێوانەکان بۆ هەڵســـەنگاندن و جێبەجێکردن (دعمس، 2009: 187-188).

## بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە ڕێوشوێنی توێژینەوەکە بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش؛ ڕێبازی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، دەرهێنانی ڕاستیی و جێگیریی توێژینەوەکە لەگەڵ ئامرازە ئامارییەکان دەگرێتەوە.

## 3- 1 ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوە وەســـفییەکان زیاتر مەبەســـتیان وەســـفکردنی تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی دیاردەکەیە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا (ئەحمەد،2020:ل 67) لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەســـفیی شـــیکاری بەکارهاتوە.

### 2-3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە لە سەرجەم مامۆستایانی هەردو ڕەگەزی نێرو مێ پێکدێت، کەوا وانەی جوگرافیای پۆلی (11) لەقۆناغی ئامادەیی بەشی وێژەیی دەڵێنەوە، لەگەڵ سەرپەرشتیارانی جوگرافیا، لە هەرسێ پەروەردەی ڕۆهەلات، ڕۆژئاوای سلێمانی و پەروەردەی چەمچەماڵ، کە ژمارەی کۆمەڵگاکە پێکهاتوە لە (100) مامۆستا و سەرپەرشتیار، کە (42) لەڕەگەزی نێرن، (58) لە ڕەگەزی مێن، ئەمەش لە ئامارەکانی هەرسێ پەروەردەکە بۆ ساڵی (2022/2021ز)ەوە وەرگیراوە.

### 3-3 نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوە، دەستنیشانکردنی نمونەکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، توێژەر نمونەیەک لە کۆمەڵگەی خوێندن هەڵدەبژێرێت، پاشان ئەو پێوەرە بەسەر ئەو نمونەیەدا دابەشدەکات، کە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، تاکو ئامانجەکانی ئەو توێژینەوەیە بەدیبهێنێت (الضامن.2007: 160).

هەڵبژاردنی نمونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی بوە، بۆ سەرپەرشتیاران و ئەو مامۆستایانەی کە وانەی جوگرافیا لە پۆلی (یانزدەهەم)ی وێژەیی دەڵێنەوە، بۆ هەر سێ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا)ی سلێمانی و پەروەردەی چەمچەماڵ.

لەبەرئەوەی ژمارەی خوێندنگەکان لە هەرسێ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەکاندا (119) خوێندنگا بون، کە (83) خوێندگە وەرگیراوە بۆ نمونەی توێژینەوەکە، ڕێژەکەی دەکاتە (70%) لە کۆمەڵگەی گشتیی توێژینەوەکە، (32) مامۆستا و سەرپەشتیار لە ڕەگەزی (نێر)ن، واتە (46%) و (38) مامۆستا و سەرپەرشتیار لە ڕەگەزی (مێ)ن، واتە (54%).

### 4-3 ئامرازی توێژینەوەکە:

### 1-4-3دیاریکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەی زانستییدا چەند ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی هەیە، هیچ ئامرازێک نییە بۆ هەمو توێژینەوەکان ببێت، بۆ هەر توێژینەوەیەک ئامرازێکی گونجاو هەیە و مەرج نییە بۆ هیتر یان بۆ هەمو توێژەرێک دەستبدات. ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت و بەندە بە ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپڵەکەوە (بۆکانی،2020: 132).

هەڵبژاردنی ئامراز بۆ توێژینەوەی زانستیی بە مەرجی زانستیی دادەنرێت، بۆیە توێژەر لەپێناو فراوانکردن و گەشەپێدانی ئامراز بۆ توێژینەوەکە دەستیکرد بە گەڕان بەناو سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشودا، نزیک و گونجاو لە بابەتی توێژینەوەکە، پشتی بە توێژینەوەکانی (ماملێسی، 2009)، (الغول،

2010)، (ئازاد و عارف،2018)، (علاوی،2015)، (العدوان،2015)، (محمد، 2012) بەســـت. هەروەها سـودی لە کتێبی جوگرافیای سـروشـتی پۆلی (یانزدەهەم)ی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی بینیوە. دوای ئەوەی ئامرازێکی داخراوی ئامادەکرد و دابەشکرا بەسـەر حەوت بواری جیاوازدا، لە (86) برگە پێکهاتوە بۆ هەر برگەیەک پلەیەک دانرا بەپێی پێوەری (لیکەرت)، (باش، ناوەند، لاواز)، هاوشـــانی ژمارەکانی (2،3، 1) خشتەی (3-1) بوار و ژمارەی برگەکانی پێوەرەکە ڕوندەکاتەوە.

خشتەی(3-1)

بوارەکانی هەڵســـەنگاندنی کتێبی جوگرافیای ســـروشـــتی پۆلی یانزدەهەمی ئامادەیی لەبەر ڕۆشـــنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

| ژمارەی تەوەرەکان | ناوی بوارەکە | برگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | ئامانجەکانی فێرکردن | 11 |
| دوەم | هونەریی | 9 |
| سێیەم | چالاکییەکان | 12 |
| چوارەم | هۆیەکانی فێرکردن | 9 |
| پێنجەم | هەڵسەنگاندن | 12 |
| شەشەم | زمان و بابەت | 10 |
| حەوتەم | ناوەڕۆک | 23 |
| کۆی گشتی | | 86 |

بە مەبەســـتی دڵنیابون لە زانســـتیبونی ئامرازەکە و گونجاویی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییەکان، ڕاستیی و جێگیریی بۆ دەرهێنرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## 3-4-2ڕاستگۆیی ئامرازەکە:

مەبەســـت لە ڕاســـتیی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، دیاردەکە ئەپێوێت، بۆ ئەو مەبەسـتەش برگە و پرسـیارەکان، پیشـانی چەند کەسـێکی پسـپۆڕ و شـارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆئـەوەی ڕای خۆیـان لـەســـەر یـەکـەبـەیـەکـەی بـە(باش و خراپ و هـەموارکردن) دەرببڕن (بۆکانی،2020: 154).

ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕاســـتگۆیی ڕواڵەتی، فۆڕمی ئامادەکراوی بەســـەر ژمارەیەک لە پســـپۆڕان و شـــارەزایانی بوارە جیاوازەکانی (ڕێگای وانەوتنەوە، پێوانە و هەڵســـەنگاندن، پســـپۆڕی جوگرافیا، دەرونزانی، پەروەردەیی، پســـپۆڕانی بواری پەروەردە، زمانەوانی)، لە زانکۆکانی

(سلێمانی، هەولێر، دهۆک، چەرمۆ)دا دابەشکرا، کە ژمارەیان (32) شارەزابون، بۆ دەربڕینی ڕابۆچون و تێبینیەکانیان لەسەر ئەوەی تا چەند بڕگەکان بەوردیی و دروستیی داڕێژراون و ڕون و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

توێژەر پشتی بەڕێژەی (87%) کۆدەنگی هەڵسەنگێنەرانی بۆ شیاوی بڕگەکان بەست، دوای ئەوەی ڕاوبۆچون و تێبینی و پێشنیاری هەڵسەنگێنەران وەرگیرا بۆ گۆڕین و چاککردنی هەندێک بڕگە لەڕوی زمانەوانییەوە. بەم شێوەیە فۆڕمی ڕا وەرگرتنی کۆتایی پێکهاتوە لە (86) بڕگە، کە بەسەر (7) تەوەرەدا دابەشکراون، هەروەها لەگەڵ یەک پرسیاری کراوە لەبارەی پێشنیازیان بۆ پێشخستنی کتێبەکە.

### 3-4-3جێگیریی ئامرازەکە:

بۆ دەرهێنانی (جێگیریی) شێوازی دوبارە جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە بەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە جێبەجێکرا بەسەر نمونەکەیدا، کە پێکهاتبو لە (15) مامۆستا لە دەرەوەی سنوری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، جیاوازیی کات لەنێوان دابەشکردنی ئامرازەکە و دوبارەکردنەوەی ئامرازەکە بۆ جاری دوەم سێ هەفتە بو.

بۆ ژماردنی هاوکۆلکەی جێگیر (معامل الثبات)ی ئامرازەکە توێژەر (هاوکێشەی پیرسۆن)ی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی بە بڵاوترین ئامراز لەم بوارەدا دادەنرێت، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەکانی جێبەجێکردنی دوەم جاردا "هاوکۆلکەی جێگیر بەم شێوەیە (815، 0) بو، کە ئەمەش ڕێژەیەکی شیاو و پەسەندە، ئەگەر بەراوردبکرێت بە پێوەرە گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی و ئاماژەکراوە.

هەروەک لە خشتەی (3–7)دا ڕونکراوەتەوە، ئەم ڕێژەیە بە باش و گونجاو دادەنرێت، ئەگەر بەراوردبکرێت بە پێوەرە گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی، کە ئاماژەی کردوە بەوەی "ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی دوجا کرا (ر2) و بەهاکەی لەنێوان (0.50-–0.75) بە بەهێز و زیاتر (0.75) بە زۆر بەهێز دادەنرێت "(البیاتی و زکریا، 1977: 194)، واتە ئامرازەکە بەزانستییانە دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی (3-2)

جێگیریی ئامرازەکە بەپێی هاوکێشەی پێرسۆن

| جێبەجێکردن | ژمارەی مامۆستایان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پیرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم جار | 15 | 5000.147 | 37426.19 | 0 .815 |
| دوەم جار | 15 | 149 .5333 | 17 .22815 | |

## 4-4-3 ئەنجامدانی ئامرازەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە:

لەپاش دڵنیابون لە ڕاستگۆیی و جێگیریی ئامرازەکە، دواتر توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی دابەشکرد بەسەر نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی (2022/4/12 تا 2022/4/25)، کە بریتیبو لە (62) مامۆستای پسپۆڕی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی لە هەر سێ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ و پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی، هاوکات (8) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی جوگرافیا لە هەردو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی، لەپاش ئەوە کاتی تەواو درا بە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بەشداربوی توێژینەوەکە، دواتر دەستکرا بە کۆکردنەوەی سەرجەم فۆڕمەکانی ڕاپرسی.

## 5-3 ئامرازە ئامارییەکان:

ئەو ئامرازانەی ئامارکراون لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون.

أ- هاوکێشەی پێرسۆن (Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^2 - (\text{مج س})^2]\;[\text{ن مج ص}^2 - (\text{مج ص})^2]}}$$

ر= هاوکۆلکەی پێرسۆن

ن= ژمارەی کەسەکان

س = ئەنجامی نمرەی تێبینەری یەکەم

ص = ئەنجامی نمرەی تێبینەری دوەم

کۆ = سەرجەم (باهی و عنان، 2001: 38)

ب – ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، بە مەبەستی شیکاری ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە.

(ت×3)+ (ت2×2)+ (ت3×1)

ناوه ندی شیاو = ―――――――――――

مج ت (صبري، 2006: 106)

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان، سێ نمرە دراوە بە (پلەی باش)، دو نمرە دراوە بە (پلەی ناوەند)، یەک نمرە دراوە بە (پلەی لاواز).

ج- ڕێژەی سەدی

بەش

ڕێژەی سەدی =–― ―――――――― × 100

گشت (محمدأمين،2015: 71)

د- تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دو نمونەی سەربەست (Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

(الجادري،2007: 288).

## بەشی چوارەم

### 1-4 خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

توێژەر ئەو ئەنجامانەی خستەڕو کە پێیگەیشتوە، هەروەها هەوڵیداوە شیيانبکاتەوە بە مەبەستی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**وەڵامی ئامانجی یەکەم: بنیاتنانی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی یانزدەهەمی قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کواڵیتی گشتگیردا،** کە پێویستە لە کتێبی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی هەبێ، کە بۆ پۆلی یانزدەهەم دانراوە. ئەو ڕێکارانەی باسکران بە دروستکردنی ئامرازی توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی خشتەی پیوەرەکانی کواڵیتی گشتگیر، لەم ڕووەوە بەدەستهاتوە و

ڕونکردنەوەی ئەو پێوەرانەی کە لە خودی خشـــتەکە وەرگیراوە، ژمارەیان دەگاتە (86) بڕگە، کە دابەشکراوە بەسەر (7) بواردا ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

خشتەی (4-1)

ژمارەی بڕگەکانی ئامرازی ڕاپرسییەکە بەپێی هەریەک لە بوارەکانی هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی جوگرافیا.

| ژمارەی تەوەرەکان | ناوی بوارەکە | بڕگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | ئامانجەکانی فێرکردن | 11 |
| دوەم | هونەریی | 9 |
| سێیەم | چالاکییەکان | 12 |
| چوارەم | هۆیەکانی فێرکردن | 9 |
| پێنجەم | هەڵسەنگاندن | 12 |
| شەشەم | زمان و بابەت | 10 |
| حەوتەم | ناوەڕۆک | 23 |
| کۆی گشتی | ............ | 86 |

-بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئامارییی (SPSS)، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).

-بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شـــیاوی بڕگەکان، توێژەر وەڵامە دوبارەکانی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی فورمی ڕاپرســـییەکە بەپێی ڕەهەندە دانراوەکانی (باش) و (ناوەند) و (لاواز) دانراوە، بۆ ئەژمارکردنی ئەمانەش (3) نمرە دراوە بە (باش)، (2) نمرە دراوە بە (ناوەند)، (1) نمرەش دراوە بە (لاواز). بۆ هەمو بڕگەیەک لە بڕگەکانی توێژینەوەکە.

-توێژەر پشتی بەستوە بە هاوکێشەی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی کە ئامرازی ئامارین، بۆ دیاریکردنی بڕگە پەسـەندکراوەکان و بڕگە پەسـەندنەکراوەکان، لە هەمو بوارێک لەو حەوت بوارەی کە ڕونکردنەوەکە دەگرێتەخۆی.

-ناوەندی ئەژمارکردنی پێوەری سیانی کە بریتییە لە دو نمرەی پێوەریی بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لایەنی لاواز بۆ هەمو بڕگەیەک بەشـــێوەیەک ئەژماردەکرێت لە بڕگەی بەهێز (2) نمرە بەدەســـتبهێنێت بەلایەنی بەهێزی (پرۆگرامەکە/کتێبەکە) دادەنرێت، هەر بڕگەیەک لە (2) نمرە کەمتر بەدەســـتبهێنێت، ئەوا بەلایەنی لاوازی کتێبەکە دادەنرێت (العكيلي، 1990: 67).

**ئامانجی دوەم: زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشـــتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی – وێژەیی لە دیدی مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانی پســپۆڕەوە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانی پســپۆڕ بۆ پۆلی یانزەیەم لەســەر پێوەری کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی دەرهێنا، پاشــان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دو نمونەی ســەربەخۆ بە پشــت بەســتن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای (t)ی ئەژمارکراو (0.916) بە نمرەی ئازاد (٦٦)ە، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەکو لە خشتەی ژمارە (4-2)دا خراوەتەڕو:

خشتەی(4-2)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) (دو نمونە) بۆ نمرەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ، بۆ پۆلی یانزەیەم لەسەر پێوەری کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی (نمونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 38 | 125.7568 | 16.83318 | ٦٦ | 0 .916 | ١,٩٩ | بەڵگەدار نییە |
| نێر | 32 | 121.6452 | 20.18341 | | | | |

وەک

لە خشــتەی ژمارە (4-2)دا دەردەکەوێت، بەهای (t) ئەژمارکراو یەکســانە بە (٠.916) و بەهای خشــتەیی یەکسانە بە (١,٩٩) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٦٦) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t)ی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشـــتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانی پســپۆڕ بۆ پۆلی یانزەیەم لەســەر پێوەری کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هۆکاری ئەم ئەنجـامەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی و هـاوتـایی بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانی بابەتی جوگرافیا، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای پۆلی یانزەیەم.

**ئامانجی سـێیەم:** زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کوالێتی گشــتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی وێژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

## یەکەم: ئامانجی فێرکردن:

ئەم بوارە پێکدێت لە (11) بڕگە، ڕوندەبێتەوە لە خشتەی ژمارە (4-3)، کۆی گشتی بۆ ناوەندی شیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.7888)، هەروەها کۆی گشتی بۆ کێشی سەدی (6257. 59)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-3)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕ بۆ پێوەرەکانی ئامانجەکانی فێرکردن ڕوندەکاتەوە:

| کێشی سەدی | ناوەندە شیاو | بڕگەکان | ژ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 69.1176 | 2.0735 | بۆچونە زانستییەکان لای خوێندکار بەرجەستە دەکات. | 1- | ١ |
| 67.6471 | 2.0294 | گونجاوە لەگەڵ ئاستی زانیارییەکانی پێشوی خوێندکاردا. | 9- | ٢ |
| 67.1569 | 2.0147 | ئامانجەکانی فێرکردنی لەخۆگرتوە؟ وەک: (ناسینەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) | 3- | ٣ |
| 62.2549 | 1.8676 | بۆ سەردەمەکەی گونجاوە. | 2- | ٤ |
| 59.3137 | 1.7794 | هاوسەنگیی لەنێوان ئامانجەکانی (زانیاریی و لێهاتویی و ویژدانی)دا هەیە. | 6- | ٥ |
| 58.8235 | 1.7647 | کتێبەکە بەشێک لە ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی بەدەستدەهێنێت. | 4- | ٦ |
| 57.3529 | 1.7206 | لایەنی لێهاتویی و کارامەیی خوێندکاری لەبەرچاوگرتوە. | 8- | ٧ |
| 57.3529 | 1.7206 | ئاماژە بەئامانجە گشتییەکانی کتێبەکە دراوە. | 10- | ٨ |
| 55.3922 | 1.6618 | گوزارشت لە پێداویستییەکانی خوێندکاران دەکات. | 5- | ٩ |
| 53.4314 | 1.6029 | پێویستیی و داواکاری کۆمەڵگا جێبەجێدەکات. | 7- | ١٠ |
| 48.5294 | 1.4559 | خوێندکار بۆ ئامانجە هەمەجۆرەکانی ژیان ئامادەدەکات. | 11- | ١١ |
| 59.6257 | 1.7888 | تێکرا | | |

لە ئەنجامی وەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بۆ هەریەک لە بڕگەی (1)، کە ناوەندی شیاوی (0735.2)ە، کێشی سەدی (1176. 69)ە و بڕگەی (9)، کە ناوەندی شیاوی (2.0294)ە، هەروەها کێشی سەدی (67.6471) و بڕگەی (3)، کە ناوەندی شیاوی (2.0147) و کێشی سەدی (67.1569)، کە لە سەروی (2)وەوە پەسەندکراوە لەڕوی لایەنی بەهێزیی ئامانجەکانی فێرکردنەوە. مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە ئامانجەکانی فێرکردندا پێیانوایە کە هەریەک لەم بڕگانە دەتوانێت (بۆچونی زانستیی

لای خوێندکار بەرجەستەبکات و بە وردیی داڕێژراوە، ئامانجەکانی فێرکردن لەگەڵ ئاستی زانیارییەکانی پێشوی خوێندکاردا گونجاوە، ئامانجەکانی فێرکردن هەریەک لە مانەشی لەخۆگرتوە، وەک (ناسینەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن)، بەڵام (8) لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەسەندنەکراوە، وەک بڕگەکانی (2، 4، 5،6،7، 8، 10،11)، کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (1.4559–1.8676) و کێشی سەدی لەنێوان (48.5294–62.2549)، لەلایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازیی ئامانجەکانی فێرکردن دەردەخەن پەسەندنەکراوە.

**دووەم: هونەریی:**

ئەم بوارە لە (9) بڕگە پێکدێت، لە خشتەی ژمارە (4-4)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشتی بۆ ناوەندی شیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.7647)، کۆی گشتی بۆ کێشی سەدی (58.8235)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-4)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕ بۆ پێوەرەکانی هونەریی ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 2- | قەبارەی نوسینەکان بۆ خوێندنەوە لەبارن. | 2.2500 | 75.0000 |
| ٢ | 3- | قەبارەی کتێبەکە بۆ خوێندکار گونجاوە. | 2.1029 | 70.0980 |
| ٣ | 1- | ژمارەی ڕستەکان و نوسین بۆ هەر پەڕەیەک گونجاون. | 2.0441 | 68.1373 |
| ٤ | 5- | ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی بە شێوەی گونجاو ڕێکخراون. | 1.8676 | 62.2549 |
| ٥ | 4- | بەرگی کتێبەکە سەرنجڕاکێش و کوالێتی بەرزە. | 1.8088 | 60.2951 |
| ٦ | 8- | بەرگی کتێبەکە پتەوە. | 1.5294 | 50.9804 |
| ٧ | 9- | کتێبەکە لە هەڵەی چاپ پاکە. | 1.5147 | 50.4902 |
| ٨ | 7- | ڕێکخستنی کتێبەکە وا لە خوێندکار دەکات هەر بە تەماشاکردنی هەست بە ئاسودەیی بکات. | 1.4706 | 49.0196 |
| ٩ | 6- | ڕەنگ و جۆری پەڕەکان گونجاون. | 1.2941 | 43.1373 |
| | | تێکڕا | 1.7647 | 58.8235 |

لە ئەنجامی وەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بۆ هەریەک لە بڕگەی (2)، کە ناوەندی شیاوی (2.2500)، کێشی سەدی (75.0000)، بڕگەی (3)، کە ناوەندی شیاوی (2.1029)، کێشی سەدی (70.0980)، بڕگەی (1) کە ناوەندی شیاوی (2.0441) و کێشی سەدی (68.1373)، کە لەسەروی (2)ەوە پەسەندکراوە لەڕوی لایەنی بەهێزیی هونەرییەوە. ئەنجامەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لەڕوی

هونەرییەوە قەبارەی نوسـینەکان بۆ خوێندنەوە گونجاو و لەبارن، قەبارەی کتێبەکەش گونجاوە و ژمارەی ڕسـتەکان و نوسـین بۆ هەر پەڕەیەک گونجاوە، بەڵام (6) لە بڕگەکان ناوەندی شـیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەسـەندنەکراوە وەک بڕگەکانی (4،5،6،7، 8، 9)، کە ناوەندی شـیاویان لەنێوان (1.8676 -1.2941) و کێشی سەدی لەنێوان (60,2941 -43.1373)، لەلایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە واتە لایەنی لاوازی هونەریی دەردەخەن.

### سێیەم: چالاکییەکان:

ئەم بوارە لە (12) بڕگە پێکدێت، لە خشتەی ژمارە (4-5)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشتی بۆ ناوەندی شیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.5662)، کۆی گشـتی بۆ کێشـی سـەدی (52.2059)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-5)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕ بۆ پێوەرەکانی چالاکیی ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 11- | پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە هەیە. | 1.7353 | 57.8431 |
| ٢ | 4- | لەگەڵ تواناکانی خوێندکار و زانیارییەکاندا دەگونجێن. | 1.7206 | 57.3529 |
| ٣ | 7- | بەشداری دەکات لەپەرە پێدانی زانستی خودیی لەلای خوێندکار. | 1.7059 | 56.8627 |
| ٤ | 5- | بریتین لە چەمکەکانی پەیوەست بە بابەتەکەوە. | 1.6765 | 55.8824 |
| ٥ | 6- | توانای تێگەیشتنی خوێندکار بۆ زانیارییەکان زیاتردەکەن. | 1.6471 | 54.9020 |
| ٦ | 8- | لە توانای خوێندکاردایە جێبەجێیان بکات. | 1.6471 | 54.9020 |
| ٧ | 12- | دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجی کتێبەکە. | 1.6324 | 54.4118 |
| ٨ | 3- | خوێندکار لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان ئامادەدەکات. | 1.4853 | 49.5098 |
| ٩ | 2- | ڕەچاوی چالاکییەکانی جیاوازیی تاکەیەتی، لەنێوان خوێندکاراندا کردوە. | 1.4412 | 48.0392 |
| ١٠ | 1- | هەمەجۆریی چالاکیی، لەهەمو وانەیەکدا هاتوە. | 1.3971 | 46.5686 |
| ١١ | 9- | گرنگی بەکاری هەرەوەزیی دەدات. | 1.3824 | 46.0784 |
| ١٢ | 10- | بونی چالاکیی لە سەرەتای هەمو وانەیەکەوە. | 1.3235 | 44.1176 |
| | | تێکڕا | 1.5662 | 52.2059 |

سەرجەم بڕگەکان، کە ژمارەیان (12) بڕگەیە، ناوەندی شیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەسەند نەکراون، کە ناوەندی شـــیاویان لەنێوان (1.3235-1.7353) و کێشـــی ســـەدی لەنێوان (57.8431-44.1176)،

لەلایەن مامۆســـتایان و ســـەرپەرشـــتیارانی پســـپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازی چالاکییەکان دەردەخەن و پەسەندنەکراون.

## چوارەم: هۆیەکانی فێرکردن (وێنە و نەخشە و هێڵکاری ناو کتێبەکە):

ئەم بوارە لە (9) برگە پێکدێت، لە خشتەی ژمارە (4-6)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشتی بۆ ناوەندی شیاو بۆ برگەکانی ئەم بوارە (1.5425)، کۆی گشتی بۆ کێشی سەدی (51.4161)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-6)

ناوەندی شــیاو و کێشــی ســەدی لە دیدی مامۆســتایان و ســەرپەشــتیارانی پســپۆڕ بۆ پێوەرەکانی هۆیەکانی فێرکردن ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | برگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 2- | بە شێوازی ڕەنگاوڕەنگ خراونەتەڕو. | 1.8529 | 61.7647 |
| ٢ | 1- | وێنەکان بەپێی پیویست بەکارهێنراون. | 1.7500 | .58.3333 |
| ٣ | 3- | نەخشە بەپێی پێویست بەکارهێنراوە. | 1.6912 | 56.3725 |
| ٤ | 9- | بە شێوازێکی گونجاو بەسەر کتێبەکەدا دابەشکراون؟ | 1.6324 | 54.4118 |
| ٥ | 8- | وێنە و نەخشـــە و هێڵکاری و ئاماژەکانی ناو کتێبەکە بۆ خوێندکاران ڕونن. | 1.4853 | 49.5098 |
| ٦ | 4- | هێڵکاری بەپێی پێویست بەکارهێنراوە. | .1.4706 | 49.0196 |
| ٧ | 5- | هۆیەکانی فێربون بۆ هەر بابەتێک گونجاوە، کە پێشکەشی دەکات؟ | 1.4559 | 48.5294 |
| ٨ | 6- | سەرنجی خوێندکاران ڕادەکێشن؟ | 1.4118 | .47.0588 |
| ٩ | 7- | ئایا بابەتە زانســـتییەکانی ناو کتێبەکە هیچ جۆرە ئاســـانکارییەکی لەگەڵدایە (نم: DVD -CD)، بۆ ئەنجامدانی چالاکیی پراکتیکی، یان نمایشـــکردنی بابەتەکان بە داتاشۆ؟ | 1.1324 | 37.7451 |
| تێکڕا | | | 1.5425 | 51.4161 |

سەرجەم برگەکان، کە ژمارەیان (9) برگەیە، ناوەندی شیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەسەند نەکراون، ناوەندی شـیاویان لەنێوان (1.1324-1.8529) و کێشـی سـەدی لەنێوان (37.7451-61.7647)، لەلایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازی هۆیەکانی فێرکردن دەردەخەن.

## پێنجەم: هەڵسەنگاندن (پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان):

ئەم بوارە لە (12) بڕگە پێکدێت و لە خشــتەی ژمارە (4-7)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشــتی بۆ ناوەندی شـیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.5441)، کۆی گشــتی بۆ کێشــی ســەدی (51.4706)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-7)

ناوەندی شــیاو و کێشــی ســەدی لە دیدی مامۆســتایان و ســەرپەشــتیارانی پســپۆڕ بۆ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 10- | لەگەڵ ئامانجەکانی فێرکردندا گونجاون؟ | 1.6471 | 54.9020 |
| 2 | 2- | بەپێی گرنگی بابەتەکانی بەشەکە پرسیارەکان دابەشکراون، (گشتگیرن). | 1.6324 | 45.4118 |
| 3 | 3- | لە ڕۆچونی بابەتی زانستیی لە بیر و هۆشی خوێندکاردا یارمەتیدەرە. | 1.6176 | 53.9216 |
| 4 | 12- | پرسیارەکانی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی ورد و زمانێکی پاراو داڕێژراون. | 1.5882 | 52.9412 |
| 5 | 8- | بەپێی ئاست و تەمەنی خوێندکار داڕێژراوە. | 1.5735 | 52.4510 |
| 6 | 1- | کتێبەکە لە کۆتایی هەر بەشێکی خوێندندا تاقیکردنەوەی گشتگیری تێدایە؟ | 1.5588 | 51.9608 |
| 7 | 11- | پرسیارەکان پلەبەندی قورسیی و ئاسانیی بۆ کراوە. | 1.5294 | 50.9804 |
| 8 | 9- | بۆ فێربونی خوێندکار وروژێنەر و پاڵنەرن. | 1.5000 | 50.0000 |
| 9 | 4- | هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی فێرکردن لەخۆدەگرێت. | 1.5000 | 50.0000 |
| 10 | 5- | بونی ڕاهێنـان لەنـاو کتێبەکەدا یـارمەتی خوێنـدکـار دەدات لـە دوبـارەکردنـەوەی بیرۆکەکان و خاڵە سەرەکییەکان. | 1.4853 | 49.5098 |
| 11 | 6- | بونی پرسیاری پێویست بۆ هەڵسەنگاندن. | 1.7406 | 49.1964 |
| 12 | 7- | پێوانەکردنی ئاستە بەرزەکانی بیرکردنەوەی دیاریکردوە. | 1.4559 | 48.5294 |
| تێکڕا | | | 1.5441 | 51.4706 |

ســـەرجەم بڕگەکان، کە ژمارەیان (12) بڕگەیە، ناوەندی شـــیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەســـەند نەکراوە، ناوەندی شـــیاویان لەنێوان (1.6471_-1.4559) و کێشـــی ســـەدی لەنێوان (54.9020. - 48.5294)، لەلایەن مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانی پســپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازی هەڵســەنگاندن دەردەخەن.

## شەشەم: زمان و بابەت و شێوازی خستنەڕوی کتێبەکە:

ئەم بوارە لە (10) بڕگە پێکدێت، لە خشـــتەی ژمارە (4-8)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشـــتی بۆ ناوەندی شـیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.8015)، کۆی گشـتی بۆ کێشـی سـەدی (60.0490)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-8)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕ بۆ پێوەرەکانی زمان و بابەت ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 7- | بابەتەکان دوبارەبونەوەی تێدا نییە. | 1.9706 | 65.6863 |
| 2 | 1- | وشەکان ڕون و ئاسانن. | 1.9559 | 56.1961 |
| 3 | 6- | ڕەوانیی لە دەربڕینەکانیدا هەیە. | 1.9412 | 64.7059 |
| 4 | 2- | لە ئاستی دەستکەوتی زمانەوانی خوێندکارن. | 1.9265 | 64.2157 |
| 5 | 5- | زانیارییەکانی چڕوپڕن. | 1.8382 | 61.2745 |
| 6 | 3- | نیشانەکانی خاڵبەندی بە ڕاست و وردیی تێدا بەکارهێنراوە. | 1.7941 | 59.8039 |
| 7 | 4- | لە هەڵەی ڕێزمانییەوە دورە. | 1.7500 | 58.3333 |
| 8 | 8- | واتای تەواو دەدات لەڕوی وشەکانەوە. | 1.7353 | 57.8431 |
| 9 | 10- | وشەی نامۆ و ناڕونی تێدا نییە. | 1.6176 | 53.9216 |
| 10 | 9- | یارمەتی خوێندکار دەدات لە بەدەستهێنانی کارامەیی نوسیندا. | 1.5000 | 50.0000 |
| تێکڕا | | | 1.8015 | 60.0490 |

سەرجەم بڕگەکان، کە ژمارەیان (10) بڕگەیە، ناوەندی شیاویان لەخوار (2)ەوەیە و پەسەند نەکراوە، ناوەندی شـیاویان لەنێوان (1.5000-1.9706)، کێشـی سـەدی لەنێوان (50.0000-65.6863)، لەلایەن مامۆسـتایان و سـەرپەرشـتیارانی پسـپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازیی زمان و بابەت و شـێوازی خسـتنەڕوی کتێبەکە دەردەخەن.

## حەوتەم: ناوەڕۆک:

ئەم بوارە لە (23) بڕگە پێکدێت، لە خشـــتەی ژمارە (4-9)دا ڕوندەبێتەوە، کۆی گشـــتی بۆ ناوەندی شـیاو بۆ بڕگەکانی ئەم بوارە (1.6471)ە، کۆی گشـتی بۆ کێشـی سـەدی (54.9020)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەم بوارە دەکەوێتە ئاستی لاوازەوە.

خشتەی (4-9)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەشتیارانی پسپۆڕ بۆ پێوەرەکانی ناوەڕۆک ڕوندەکاتەوە:

| پلە | ژ | بڕگەکان | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | -2 | بەشەکان پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترین. | 2.0147 | 67.1569 |
| ٢ | -22 | بابەتەکانی بۆ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی شیاون؟ | 1.9412 | 64.7059 |
| ٣ | -5 | لەگەڵ سایکۆلۆژیا و قۆناغی گەشەکردنی خوێندکاردا گونجاوە. | 1.8235 | 60.7843 |
| ٤ | -4 | گرنگیدەدات بۆ بەدەستهێنانی بۆچونە زانستییەکان لای خوێندکار. | 1.7941 | 59.8039 |
| ٥ | -3 | کارامەیی و لێهاتویی فێری خوێندکار دەکات. | 1.7647 | 58.8235 |
| ٦ | -19 | چەمک و زاراوە تازەکانی ناو کتێبەکە ڕوندەکاتەوە. | 1.7500 | 58.3333 |
| ٧ | -1 | دەتوانێت ئامانجەکانی فێرکردن جێبەجێبکات. | 1.7500 | 58.3333 |
| ٨ | -6 | شێوازی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی، لەگەڵ مامۆستا و خوێندکاردا پەیڕەوکردوە. | 1.7500 | 58.3333 |
| ٩ | -14 | زانیاریی پێشوتر و دواتری خوێندکاری، لە هەمان بابەتدا لەبەرچاوگرتوە. | 1.7206 | 57.3529 |
| ١٠ | -20 | ناوەڕۆکی کتێبەکە لەگەڵ بنچینەی ئاڕاستەکراوی پرۆگرامی خوێندندا دەگونجێت. | 1.7206 | 57.3529 |
| ١١ | -13 | دەگونجێت لە کاتی دیاریکراودا بخوێنرێت و تەواوبکرێت. | 1.7059 | 56.8627 |
| ١٢ | -7 | ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی کردوە. | 1.7059 | 56.8627 |
| ١٣ | -18 | بیرکردنەوەی خوێندکار دەوروژێنێت و بۆ فێربون هانیان دەدات. | 1.6471 | 54.9020 |
| ١٤ | -17 | بە شێوازێکی زانستیی و بابەتیی، خوێندکار ئاڕاستەدەکات. | 1.6324 | 54.4118 |
| ١٥ | -21 | ئایا ناوەڕۆکی کتێبەکە لەگەڵ پێشکەوتنی زانیاریی خوێندکاردا گونجاوە؟ | 1.5882 | 529412 |
| ١٦ | -15 | گرنگی بە لایەنی ویژدانی (حەزو ئارەزو، بۆچون، بەهاکان)ی خوێندکار داوە. | 1.5882 | 52.9412 |
| ١٧ | -8 | بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی خوێندکاری تێدا دەژی. | 1.5735 | 52.4510 |
| ١٨ | -16 | توانای بڕیاردان لای خوێندکار دروستدەکات. | 1.5735 | 52.4510 |
| ١٩ | -11 | ڕاهێنان و پرسیاری فێرکردن لەخۆدەگرێت. | 1.4853 | 49.5098 |
| ٢٠ | -12 | ئاماژەی کردوە بە سەرچاوەکانی بابەت و بەشەکانی ناوەڕۆکی کتێبەکە، بە مەبەستی سودلێوەرگرتن. | 1.3971 | 46.5686 |
| ٢١ | -9 | گرنگی بە کێشە و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە داوە. | 1.3382 | 45.0980 |
| ٢٢ | -10 | هاندەری خوێندکارە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەی سەرەکی. | 1.3382 | 44.6078 |
| ٢٣ | -23 | بایەخ بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دەدات؟ | 1.2794 | 42.6471 |

| | | |
|---|---|---|
| تێکڕا | 1.6471 | 54.9020 |

لە ئەنجامی وەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ، تەنها بۆ یەک بڕگە ئەویش بڕگەی (2)، کە ناوەندی شیاوی (2.0147)ە، کێشی سەدی (67.1569)ە، کە لەسەروی (2)هوەیە و لەڕوی لایەنی بەهێزیی ناوەڕۆکەوە پەسەندکراوە. مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی جوگرافیای سروشتی پۆلی یانزەیەمی ویژەیی پێیانوایە کە بەشەکانی کتێبەکە پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترین لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، بەڵام (22) لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان لەخوار (2)هوەیە و پەسەندنەکراون، کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (1.9412–1.2794)ە و کێشی سەدی لەنێوان (64.7059 –42.6471)ە، لەلایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، واتە لایەنی لاوازیی ناوەڕۆک دەردەخەن

**ئەنجام:**

لەبەر ڕۆشنایی ڕونکردنەوە و بەدواداچون و خستنەڕوی داتاکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- هیچ جیاوازی بەڵگەداری لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بۆ پۆلی یانزەیەم نییە، لەسەر پێوەری کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

2- زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کواڵیتی گشتگیر لە کتێبی جوگرافیای پۆلی دەیەمی ئامادەیی ویژەیی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، سەرجەم بوارەکان پلەی لاوازیان وەرگرتوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- ئامانجەکانی فێرکردن، ڕێژەکەی (59،6257)ە.
- هونەری ڕێژەکەی (58،8235)ە.
- چالاکییەکان ڕێژەکەی (52،2059)ە.
- هۆیەکانی فێرکردن ڕێژەکەی (51،4161)ە.
- هەڵسەنگاندن ڕێژەکەی (51،4706)ە.
- زمان و بابەت ڕێژەکەی (60،0490)ە.
- ناوەڕۆک ڕێژەکەی (54،9020)ە.

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕو:

1-پێویسته وەزارەتی پەروەردە دوبارە چاوخشانەوە بە کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی، لەپێناو پێشخستنی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان، کە توێژینەوەکە ئاشکرای کردون.

2- پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئاگاداری دانەرانی پرۆگرامی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی لە وەزارەتی پەروەردە، ئامانجی گشتی و تایبەتی هەر کتێبک، بە شێوازێکی دیار و ڕون دابڕێژن، کە لە بەرژەوەندیی پرۆسەی فێرکردن و فێربوندا بێت.

3- گرنگیدان بە پەرەپێدانی کتێبەکانی جوگرافیا لە قۆناغە جیاوازەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کواڵێتیدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کتێبەکە، بۆئەوەی لەگەڵ گەشەسەندنی زانستیی و تەکنەلۆژییدا بگونجێت.

4- گرنگیی تەواو بدرێت بۆ پێداچونەوە و دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە، لە ئامانجەکانەوە دەستپێبکات و بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کۆتایی پێبێت.

## پێشنیارەکان:

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی توێژەری دا لە پێشنیارکردنی هەندێک توێژینەوەی دیکە، کە دەتوانرێت ئەنجامبدرێت لەوانە:

1- توێژینەوە بکرێت بە مەبەستی زانینی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕوبەڕوی مامۆستایانی جوگرافیا دەبێتەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا.

2- توێژینەوە بکرێت بۆ زانینی ڕادەی هەبونی پێوەرەکانی کواڵێتی گشتگیر لە پرۆگرامەکانی تری خوێندندا بۆ قۆناغی ئامادەیی.

3- هەڵسەنگاندنی وێنە و نەخشە و هێڵکاریی کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی کواڵێتی گشتگیر لە دیدی مامۆستایانی پسپۆڕەوە.

# Taking the natural geography book of the eleventh grade of high school under the light of the general quality measurements in the view of teachers and expert supervisors.

**Ayoub Khosrow Nadir[1], Hallat Rasheed Abdullah[2], Aso Salam Majid[3]**

[1]Chamchmal Technical institute Sulaimani Polytechnical University of Kurdistan، region, Iraq.
[2]President of Charmo University, Kurdistan Region, Iraq.
[3]Social Science Department, College of Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is to build a scale for evaluating the natural geography book of high school under the light of general quality criteria. Knowing theextentof having a general quality measure in the geography book of the11th grade of literary readings in the eyes of teachers and expert supervisors, according to the gender change (male and female) General quality in the booklet to achieve these goals, the researcher used the method of description and analysis as an example of the research which was made in (70) teachers and supervisors of geography in male and female gender All three educations in the east and west of Sulaimaniyah and Chamchamal education for the school year (2021-2022), which were selected in a symbolic way, research tools Which consisted of a survey form consisting of 86 sections, which was divided into (7) items, and this was the benefit of the previous research. The researcher after preparing the tool and directing it The truth and stability of using Person's partner in the rate of (0.815) then the researcher also performed it on the example of the research, after analyzing and presenting the survey to Using Person's co-ordination, appropriate center, Test (T.test) after being certain of the truth, the researcher used the(spss) statistical program. Finally, the researcher reached the goals that each (7) sections of the 11th grade natural geography book which are (objective, they were (aim, art, activity, motivation, teaching, language, subject, content) and they were not accepted.

**Key words**: Evaluation, Reading Book, Measure, Generalquality.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، سامان حوسێن(2020): میتۆدو لێکۆڵینەوەی هەنگاوەکانی نوسینی لێکۆڵینەوەی مێژوی، چ1، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

ئەمین، تەها محەمەد (2012): گرفتە پەروەردەییەکان،چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

بۆکانی،سابیر(2020): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

پڕۆژە یاسای پەروەردەو فێرکاری لەهەرێمی کوردستان – عێراق، لەبەرواری 8-12-2021 دەرچوە.

حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان، وەزارەتی پەروەردە (2007)، لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی، ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەیی لەڕۆژانی 22-24/ 2007/5، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

الرب، حسام الدین جاد (2015): جوگرافیای ئاسان، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

رسول، ابراهیم رسول (2017): پێوانە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چ1، چاپخانەی نارین، هەولێر.

عەزیز، کەریم ئەحمەد (2014): بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە،چ1،چاپخانەی نارین،هەولێر.

عزیز، کریم أحمد (2019): پڕۆگرامی پەروەردەیی (دەروازەیەک بۆ ناســـــینی پڕۆگرام و شــــیکردنەوەی کتێب) چ1، چاپخانەی نارین، هەولێر.

عارف، کارزان محمد و ئازاد، کوردســـــتان محمد(2018): هەڵســـــەنگاندنی پەڕتوکی بابەتە کۆمەڵاتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لەدیدی مامۆستایانەوە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 1، ژمارە2، لا167-201.

مامڵێســی، زانا عوســمان محمد (2009): هەڵســەنگاندنی کتێبەکانی مێژوی قۆناغی ئامادەیی لەتێڕوانینی مامۆســتایان و ســەرپەرشــتیارانەوە لەهەرێمی کوردســتان / عێراق، زانکۆی ســلێمانی، کولێژی پەروەردەی بنەڕەتی، (نامەی ماســتەری بڵاونەکراوە).

محمدأمین،شــیرین صــاڵح (2015): ڕەوشــی پلانی پەروەردەیی لەهەرێمی کوردســتاندا قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شــاری ســــلێمانی بەنمونە، زانکۆی ســــلێمانی، کۆلێژی زانســــتە مرۆڤایەتییەکان، بەشــــی کۆمەڵناســــی. (نامەی ماســــتەری بڵاونەکراوە).

محمد، کاوە علی (2012): هەڵســــەنگاندنی پەڕتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە34ی ئازاری 2012 ل 119_120.

باهی، مصطفی حسین و عنان، محمود عبدالفتاح (2001): معاملات الأرتباط والمقیاس الامعلمیة، مکتبه الأنجلو المصریه، ط1، القاهره.

البیاتي، عبدالجبار توفیق و زکریا زکي اثناسیوس (1997): الاحصاء الوصفي والاستدلالي في التربیة وعلم النفس، مطبعة الجامعة المستنصریة، بغداد.

التائب، الهاشـــمي محمد بلعد(2016): درجة تطبیق معاییر الجودة الشـــاملة فی الجامعات اللیبیة من وجهة نظر الادار یین الاکادیمیین، جامعة عمان، کلیة العلوم التربویة والنفسیة، (رسالة ماجستر غیر منشور).

الجادري، عدنان حسین (2007): الاحصاء الوصفي في العلوم التربیة، ط2، دار المیسرة للنشر، عمان.

حمادات، محمد حسن (2009): المناهج التربویة، نظریاطها –مفهومها –أسسها –عناصرها –تخطیطها -تقویمها، ط1، دار الحامد للنشر والتوزیع، عمان–الأردن.

حمادنه، محمد محمود ساري وعبيدات خالد حسين محمد (2012): مفاهيم التدريس في العصر الحديث، طرائق- أساليب- استراتيجيات، ط1، جدارا للكتاب العالمي للنشرو التوزيع، اربد-الأردن.

الحربى، عبدالكريم بن ســـاجى التويجرى (2013): تحليل محتوى مقررات اللغة الانجليزية للمرحلة الثانوية وتقويمها في ضوء معايير مقترحه للكفاءة اللغوية، جامعة أم القرى، كلية التربية، (رساله ماجستر غير منشور).

دعمس، مصطفى نمر (2008): اداره الجودة الشاملة في التربية والتعليم، ط1، دارغيداء، عمان.

رسـول، خليل ابراهيم (1978): تقييم كتب العلوم والتربية الصـحية للمرحلة الابتدائية في ضـوء تنميتها الاتجاهات العملية، كلية التربية، جامعة بغداد (رسالة ماجستير غيرة منشورة).

الزند، وليد خضر (1997): التعليم العالي في الوطن العربي، مجلة كلية التربية، العدد3، بغداد.

ســعادة،جودة أحمد و ابراهيم، عبدالله محمد (2014): المنهج المدرســي المعاصــر، ط7، دار الفكر ناشــرون موزعون، الاردن.

الســباعى، أبوزيد عبدالرحيم خليفةو عيســى،عبد الحفظ محمد عبالرحمن و أبوهشـيمة، أحمد عبدالحميد حافظ (2021): تطوير منهج الجغرافيا للصف الثاني الثانوي في ضوء الوعي بلتغير المناخي العالمي، مجلة التربية، العدد 191، ص546.

الشـــلبي، أحمد (2000): المناهج بناؤها-تنفذها-تقويمها-تطويرها-باســـتخدام النماذج، ط1، دار الامل للنشـــر والتوزيع، الأردن.

الشنوانى، هانيا منير (2018): تقويم كتاب العلوم للصف الاول الابتدائى في ضوء مواصفات الكتاب المدرسي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، العدد 9، ص37.

صبرى، عزام عبدالرحمن (2006): الأحصاء الوصفى والنظام spss، جدارا للكتاب العالمى، عمان.

الضامن، منذر (2007): أساسيات البحث العلمى، ط1، دار المسيرة، الأردن.

علي، محمد السيد(2005): تكنولوجيا التعليم والوسائل التعليمية،دار ومكتبة الاسراء للطبع والنشر والتوزيع،القاهرة.

عبدالهادي، نبيل(2001): القياس والتقويم التربوي واسـتخدامه في مجال التدريس الصـفي، ط1، دار وائل للطباعة والنشر، عمان.

علميات، عبير(2006): تقويم وتطوير الكتب المدرسية للمرحلة الأساسية، ط1، دار الحامد للنشرو التوزيع، عمان.

عمار، أيمن محمد(2006):أســاليب التقويم المســتخدمه في مناهج العلوم المرحلة الأعدادية في ضــوء مســتويات معارية دولية، كليةالتربية،جامعة عين الشمس، (رسالة ماجستير غير المنشورة).

علاوى، فاطمة محمد، تقويم كتاب الجغرافية للصف الخامس الأدبى فى ضوء معايير الجوده الشاملة من وجهة نظر الماده ومدرستها، مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة المستنصرية، الجلد 21 العدد (90). لسنه2015.

عبدالرضـا، نجدت عبدالرؤوف و الموسـوي على يوسـف عيسـى (2014): كتاب أسـس الجغرافية وتقنياتها للصـف الرابع الادبي ودرجة توافر معايير الجودة فيه، مجلة كلية التربية الاســـاســـية للعلوم التربوية والانســـانية، العدد 18،ص 8.

العدوان، زيد سليمان محمد، تقويم كتب التاريخ للمرحله الثانويه فى ضوء معايير الجوده الشامله من وجهه نظر المعلمين، مجله كلية التربية جامعهة الأسكندرية، مجلد الخامس والعشرون (العدد الرابع) لسنه 2015.

العكيلي، احمد عبدالزهرة ســعد(1990): تقويم كتابي العلوم الموحد لدول الخليج العربي للصــفين الاول والثاني الابتدائي من وجهة نظر المعلمين والمشرفين، كلية التربية الاولى، جامعة بغداد (رسالة ماجستير غير منشورة).

الغول، صـابرين أديب يونس، (2010): مسـتوى جودة كتاب التاريخ المقرر على الصـف التاسـع الأسـاسـى من وجهة نظر مشريفى ومعلمى التاريخ فى محافظات غزة، كلية التربية، الجامعهة الأسلاميه _ غزة. (رسالة ماجستير غير منشورة).

القيسي، ماجد أيوب(2018): المناهج وطرائق التدريس، ط1، دار أمجد للنشر والتوزيع، الاردن.

الكبيسي، عبدالواحد حميد (2007): القياس والتقويم تجديدات ومناقشات، ط1، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان.

اللقاني، أحمد والجمل، على (2003):معجم المصـــطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس، ط3، عالم الكتاب للنشر والتوزيع، القاهرة.

مسـلم، رامي محمد خليل (2018): درجة تطبيق مبادئ ادارة الجودة الشـاملة في المدارس الاسـاسـية الحكومية في مدينة العقبة فى الاردن من وجهة نظر المعلمين، جامعة الشرق الاوسط، كلية العلوم التربوية، (رساله ماجستر غير منشور).

مقابله، ابراهيم ضـيف الله محمد(2018): تحليل كتاب الرياضـيات المكور للصـف السـادس الاسـاسـي الاردن في ضـوء معايير (NCTM2006)، مجلة العلوم التربوية، العدد 2-ج1.

اليعقوبي، حيدر(2013): التقويم والقياس فى العلوم التربوية والنفسية رؤيا تطبيقيه، ط1، دار الكتب والوثائق ببغداد.